Brottsoffermyndigheten



# تاوانی ئیسلاموفوبیایی

ئەم نامیلکەیە بۆ ئەو کەسانەیە کە ڕووبەڕووی تاوانی ڕق و کینە بوونەتەوە بە پاڵنەری ئیسلامۆفۆبی. لێرەدا زانیاری زیاتر دەربارەی تاوانەکانی ڕق و کینەی ئیسلامۆفوبی دەتبێت، قوربانییەکانی مافەکان چین، چۆن ڕاپۆرتی پۆلیس دروست دەکرێت و دەربارەی پشتیوانی و یارمەتی بەردەست.



# ئایا تاوانی کینەیی دەرهەقت ئەنجام دراوە؟

ئەنجامدانی تاوان دەرهەقی کەسێک، ڕەنگە بە پێشێلکارییەکی گەورە بێت. هەروەهاش بوون بە قوربانیی تاوانێک بەهۆی ئەوەی کە تۆ کێیت، پێشێلکارییەکە قورستر دەکات. دەکرێت ئەو دەمە بووبیت بە قوربانیی تاوانێکی کینەیی.

لە سوید، جیاکاری نایاسایی و جولاندن دژی گروپی قەومی بە تاوانی کینەیی دادەنرێن. هەر تاوانێک ئەنجام بدرێت بە تاوانی کینەیی دادەنرێت ئەگەر هۆکاری تاوانەکە پێشێلکردنی ناسنامەی قوربانییەکە بێت. ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایانە بێت:

- ڕەنگی پێست
- رەگەزی نەتەوەیی یان ئێتنیسکی
- ئایین
- مەیلی سێکسی
- ناسنامە\گوزارشتی سێکسگۆڕی
- یان دۆخێکی تری هاوشێوە.

پێویست ناکات سەر بە هیچ کام لەم گروپانە بیت بۆ ئەوەی ببیتە قوربانی تاوانی کینەیی. ئەوە بەسە کە ئەو کەسەی تاوانەکە ئەنجام دەدات باوەڕی وایە کە تۆ ئەوەیت، بۆ نموونە، کە کەسەکە وا بزانێت کە تۆ موسڵمانیت.

## تاوانی کینەیی دەبێتە هۆی سزای توندتر

ئەو کەسەی تاوانی ڕق و کینە ئەنجام دەدات لەوانەیە سزایەکی توندتر وەربگرێت ئەگەر لە دادگا تاوانبار بکرێت. بۆ نموونە، کەسێک کە هەڕەشەی لە کەسێک کردووە یان دەستدرێژی کردووەتە سەر، دەتوانرێت سزایەکی توندتر بدرێت ئەگەر تاوانەکە بە تاوانی کینەیی دابنرێت.

# تاوانی ڕق وکینه دژی موسڵمانان

ئیسلامۆفۆبیا زاراوەیەکی کۆکەرەوەیە بۆ پێشداوەری و دوژمنایەتی بەرامبەر ئیسلام و موسڵمانان. بە شێوەیەکی هاوشێوە خۆی دەردەخات لەگەڵ دژە سامییەتی، ترس لە بێگانە و جۆرەکانی تری ڕەگەزپەرستی، لە شێوەی کردەوەیەکدا کە هێرش دەکاتە سەر خەڵک، دووریان دەخاتەوە یان جیاکاری لە دژیان دەکات لەبەر ئەوەی موسڵمانن یان وا دەزانن موسڵمان.

تێگەیشتنێکی باو ئەوەیە کە تاوانەکانی ڕق وکینە هەمیشە لە یەک ڕووداوێکی گەورە پێکهاتووە لە شێوەی لێدان و شەپ، کەچی پێویست ناکات بەو شێوەیە بێت. هەروەها دەکرێت دەربارەی هەڕەشە و لێدوانە پێشێلکاریەکانەوە بێت کە زۆر ئاساییترن کەسێک تووشیان بێت. هەروەها لەوانەیە کەسێک جیاکاری لە دژی بکرێت کاتێک پەیوەندی بە کۆمپانیایەک یان دەسەڵاتێکەوە دەکات.

ژمارەیەکی زۆر لە قوربانییەکانی تاوانی کینەیی ڕووداوەکەیان بە پۆلیس ڕانەگەیاندووە و تەنانەت بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە ئایا ڕووداوەکە لەوانەیە تاوانی کینەیی بێت.

# تاوانی کینەیی یان جیاکاری؟

لە قسەی ڕۆژانەدا، وشەی جیاکاری زۆرجار بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بە جۆرەها جۆری مامەڵەی نادادپەروەرانە. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ ئەوەی جیاکاری بە یاسا دیاری بکرێت، دەبێت ئەو مامەڵە نادادپەروەرانەیە پەیوەندی هەبێت بە یەکێک لە هۆکارەکانی جیاکاری. بە گوێرەی یاسا، ئەو کاتە مامەڵەی نادادپەروەرانە دەکرێت جیاکاری نایاسایی بێت وەک جیاکاری کە یاسای جیاکاری دەستنیشانی کردووە.

جیاکاریی نایاسایی تاوانێکی ڕق و کینەیە کە لە یاسای سزادانداا ڕێکخراوە. لەوانەیە تۆ قوربانیی تاوانی ڕق و کینە بوویت، بۆ نموونە، ئەگەر ڕێگەت پێنەدرابێت بگەیت بە شوێنێک یان خزمەتگوزارییەک بە هەمان مەرجی ئەوانی تر. ئەو کەسانەی کە دەکرێت بە تاوانی جیاکاری نایاسایی تاوانبار بکرێن بریتین لە بازرگانان، کارمەندانی خزمەتگوزاری گشتی، نوێنەری سیاسی و ڕێکخەری کۆبوونەوە گشتییەکان. بۆ ئەوەی تاوانبار بکرێت، دەبێت ئەو کەسە مەبەستی جیاکاریکردن بێت لە دژی تۆ و پێویستە "گومان بە هێچ شیوەیەک" لە ئارادا نەمابێت کە تۆ جیاکاریت لە دژ کراوە.

یاسای جیاکاری نەکردن جیاکاری قەدەغە دەکات لە ژیانی کار و پەروەردە و لە چەندین بواری تری کۆمەڵگادا. ئەمە زیاتر لە بارودۆخی جیاکاری نایاسایی ڕێی تیدەچێت و پێویست ناکات کە ئەو کەسەی بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵەت لەگەڵ دەکات بە مەبەست ئەو کارە بکات. بەم شێوەیە دەتوانیت مافی قەرەبوکران وەربگری تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە مەبەستی جیاکاریکردنی لە دژی تۆ نەبووبێت. ئەوە باوترە کە جیاکاری بە یاسای جیاکاری نەکردن لێی بکۆڵرێتەوە تا بە یاساکانی جیاکاری نایاسایی.

زیاتر بخوێنەوە دەربارەی جیاکاری لە **do.se**

ئەگەر جیاکاریت لە دژ کراوە، دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە دەسەڵاتی پۆلیس یان وەکیلی جیاکاری نەکردن. ئەو دەمە دەتوانیت یارمەتی و زانیاری دەربارەی مافەکانت وەربگریت.

## تاوانەکان لە کوێ ڕوو دەدەن؟

تاوانی ڕق و کینە لە دژی موسڵمانان لە هەموو شوێنێک ڕوودەدات. ڕێی تێدەچێت لە ژینگەیەکی ماڵەوە، لە قوتابخانە، لە شوێنی کار، ئۆنلاین یان لە شوێنێکی تر ڕوو بدەن. ئەمە لەوانەیە، بۆ نموونە، وشەی سووکاتی و ڕاکێشانی ڕووپۆش لە پاس یان میترۆ، لە دوکانەکان و شەقامەکان و گۆڕەپانەکان لەخۆ بگرێت. لەسەر ئینتەرنێت، تاوانەکانی ڕق و کینەی ئیسلامۆفۆبی زۆرجار شێوەی قسەی کینەیی و هەڕەشە و هەراسانکردنی دیکە وەردەگرن.

تەنانەت ئەو کەسانەی کە موسوڵمان نین ڕەنگە ڕووبەڕووی تاوانی ڕق و کینەی ئیسلامۆفۆبی بکرێنەوە، یان لەبەر ئەوەی بە موسڵمان دادەنرێن یان پەیوەندییان بە خەڵکی موسڵمان یان بە کێشەی موسوڵمانەوە هەیە. نموونەی ئەو کەسانەی کە مەترسی تووشبوونیان هەیە دەکرێت ڕۆژنامەنووس و توێژەر و سیاسەتمەدار بن. هەروەها دەکرێت تاوانی ڕق و کینەی ئیسلامی لە دژی بینا و شوێنەکانی پەیوەندیدار بە موسڵمانان ئەنجام بدرێت.



# ئەنجامەکانی تاوانەکانی ڕق و کینە

ئەو کەسانەی کە قوربانیی تاوانن دەتوانن بە شێوەی جیاواز کاردانەوە نیشان بدەن. هەندێکیان کاردانەوەیان، بۆ نموونە، لە شێوەی شۆک، نیگەرانی و ترس دەبێت، و هەندێکی تر کاریگەریان لەسەر نابێت. لە ماوەیەکی درێژدا، بەرکەوتن بە تاوان لەوانەیە سەرەنجامی هەبێت وەک مۆڵەتی نەخۆشی، خەمۆکی و دڵەڕاوکێ. ئەمە بۆ هەموو جۆرەکانی تاوان راستە و ئەوەش گرنگە کە داوای یارمەتی بکەیت ئەگەر هەستت بە نەخۆشی کرد.

بوون بە قوربانییەکی ڕق و کینە دەتوانێت ئەنجامی تری هەبێت. کەسێک کە قوربانی بووە، بۆ نموونە، لەوانەیە دەست بکات بە شاردنەوەی ئەوەی کە موسڵمانە، خۆی بەدووربگرێت لە شوێنێکی دیاریکراو یان واز لە بەشداریکردن لە سیاسەت یان کۆمەڵە بهێنێت بۆ ئەوەی مەترسیی دووبارە تووشبوونی نەبێت. ئەم تاوانانە دەتوانن ببنە هۆی زیادبوونی هەستی نائارامی چ بۆ قوربانییەکان و چ بۆ ئەوانی دەوروبەریان.

هەروەها تاوانەکانی ڕق و کینە دەتوانن ببنە هۆی خراپتربوونی بارودۆخی ژیانی موسڵمانان بەگشتی. لەوانەیە موسڵمانەکان هەست بەوە بکەن کە هەمان دەرفەتیان نییە بۆ ئەوەی شوێنی خۆیان لە کۆمەڵگا و سیاسەتدا بگرنەوە. لەوانەیە پارێزگاکان و کۆمەڵەکان ڕووبەڕووی کێشەی دارایی ببنەوە بەهۆی زیادبوونی پێویستی بە ڕێوشوێنی ئاسایش.

## پشتیوانی و یارمەتی

چەند جۆرێکی جیاواز هەیە لە پاڵپشتی و یارمەتی کە دەتوانیت بەدەستی بهێنیت ئەگەر قوربانیی تاوانێک بووبیت. ئەگەر دەچیت بۆ قوتابخانە، دەتوانیت سەردانی خزمەتگوزاری تەندروستی قوتابخانە یان مامۆستا بکەیت. ئەگەر کار دەکەیت، دەتوانیت سەردانی خاوەنکارەکەت یان خزمەتگوزارییە تەندروستییە پیشەییەکانت بکەیت. قوتابخانەکان و خاوەنکارەکان ئەرکیان هەیە ڕێگری بکەن و مامەڵە لەگەڵ پێشێلکارییەکاندا بکەن.

هەمیشە دەتوانیت سەردانی ڕێکخراوە قازانج نەویستە جۆراوجۆرەکان بکەیت کە پشتگیری و یارمەتی پێشکەش دەکەن، وەک کێشکداری قورانیانی تاوان. کێشکداری قوربانیانی تاوان کەسانی خۆبەخشی هەیە کە بە چەندین زمانی جیاواز قسە دەکەن و دەتوانن پشتگیریت بکەن ئەگەر سویدی زۆر باش نازانیت یان لەبەر هۆکارێکی تر دەتەوێت بە زمانی ڕەسەنی دایکی خۆت داوای پشتگیری بکەیت.

### کێشکداری قوربانیانی تاوان

کاتێک پەیوەندی بە 006 116 دەکەیت، قسە لەگەڵ ڕاوێژکارێک دەکەیت کە ڕێنماییت دەکات بۆ کێشکداری ناوچەیی قوربانیانی تاوان بۆ پشتگیری زیاتر. دەتوانیت پشتگیری و یارمەتی وەربگریت تەنانەت ئەگەر تاوانەکەت ڕاپۆرت نەکردبی بۆ پۆلیس و دەتوانیت هەڵبژێریت کە نەناسراو بمێنیتەوە.

دەتوانیت لە ڕێگەی سەنتەری تەندروستی یان چاودێری پزیشکی یان بەشی فریاکەوتنەوە بگەیت بە چاودێری تەندروستی. ئەگەر پێویستت بە چاودێری یان پشتیوانی هەیە، هەروەها دەتوانیت سەردانی ڕێبەری چاودێری بکەیت 1177.se یان پەیوەندی بکەیت بە 1177 بۆ ڕێنمایی. دەکرێت بەدوای چاودێریدا بگەڕێت تەنانەت ئەگەر ماوەیەکیش ڕەت بووبێت بە سەر ڕوودانی ڕووداوەکە.


ئەگەر گەنجی، دەتوانیت یارمەتی وەربگریت لە ڕێگەی سەنتەری ڕێنمایی لاوان و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەو دەڤەرەی لێی دەژیت. هەروەها هەندێک لە شارەوانییەکان سەنتەرێکی پشتیوانییان هەیە بۆ گەنجانی قوربانیانی تاوان کە دەتوانی سەردانی بکەن.

### خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی

خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو شارەوانییەی کە تۆ تێیدا دەژیت پێویستە کار بکەن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە تۆ قوربانیی تاوانێک بوویت پشتگیری و یارمەتی وەردەگریت. هەروەها خزمەکانت دەتوانن پشتگیری و یارمەتی لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان وەربگرن. ئەو پشتیوانییەی کە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن پێشکەشی بکەن دەکرێت دەربارەی پاڵپشتی گفتوگۆ و هەروەها پشتیوانی کۆمەڵایەتی و یارمەتی کرداری تر بێت.

### یارمەتی لە دەوروبەرت وەربگرە

خەڵکی دەوروبەرت، خزم و هاوڕێکانت دەتوانن بە زۆر شێوە یارمەتی بدەن. ئەوەی کە هەست دەکەی سەختە ئاسانتر دەبێت ئەگەر قسە لەگەڵ کەسێک بکەیت کە هەست بە سەلامەتی دەکەیت لەگەڵی. لەوانەیە پێویستت بە یارمەتی بێت لە دەوروبەرەکەتەوە لەگەڵ شتی کرداری وەک پەیوەندیکردن بە دەسەڵاتەکانەوە ئەگەر هەست بە قورسی دەکەیت.



# ڕاپۆرتدان بۆ پۆلیس

ئەگەر تۆ قوربانیی تاوانێک بوویت یان هەستت کرد کە پێویستت بە پاراستنە، پێویستە پەیوەندی بە پۆلیس بکەیت. پەیوەندی بکە بە پۆلیس بە ژمارە 11414 یان سەردانی بنکەی پۆلیس بکە. ئەگەر هەڕەشەکە تەنگاو بوو، پێویستە پەیوەندی بکەیت بە 112.

کاتێک ڕاپۆرت بۆ پۆلیس دەدەیت، گرنگە زۆرترین وردەکاری بڵێیت. پێویست ناکات بۆ خۆت بزانیت کە ئایا ئەوەی ڕوویداوە تاوانێکی ڕق و کینەیە، ئەوە لەسەر پۆلیس و سیستەمی دادوەرییە بڕیار بدەن. ئەگەر بە زووترین کات پاڵنەری تاوانی کینەیی دۆزرایەوە لەکاتی لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا، ئەوا پۆلیس دەتوانێت بنەمایەکی باشتر دابین بکات بۆ داواکاری گشتی، کە دواتر دەتوانێت داوای سزای توندتر لە دادگا بکات.

ئەو نیشانانەی کە بۆ پۆلیس باشن بیزانێت:

- جنێوی ئیسلامۆفوبیایی کە لە کاتی تاوانەکەدا وتراوە
- نووسین لەسەر دیوارەکان، شت و هێمای هەڵگری پەیامی دژە ئیسلام.
- کردەوەکانی ڕابردووی گومانلێکراوەکان، وەک ڕاگەیاندنی دژە ئیسلام لە ڕابردوودا.
- ئەو ڕووداوانەی کە لەم دواییانەدا یان لە دەوروبەر ڕوویانداوە.

## کاری پۆلیس دژی تاوانی ڕق و کینە

پۆلیس هەوڵدەدات بە زووترین کات بزانێت ئایا پالنەری تاوانێک تاوانی کینەییە. بۆیە لە کاتی ڕاپۆرتکردن پرسیارت لێدەکرێت کە ئایا پێتوایە هیچ هۆکارێکی تایبەت هەیە بۆ ئەوەی تاوانبارەکە تاوانەکەی ئەنجام داوە، وەک بۆچوونی ڕەگەزپەرستی یان ئیسلامۆفۆبی. هۆکارێکی دیکە بۆ پرسیاری پۆلیس دەربارەی پاڵنەری تاوانی کینەیی ئەوەیە کە دەتوانێت بەشداری بکات لە کێشانی وێنەیەکی باشتر دەربارەی ئەوەی تا چ رادەیەک تاوانی کینەیی ئاساییە. هەروەها پۆلیس لێکۆڵەرەوەی تایبەتی تاوانی کینەیی و پسپۆڕی تاوانی کینەیی هەیە.

**لەبیرت بێت:** هەندێک جار لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس نابنە هۆی ئەوەی کە تاوانبارێک دادگایی بکرێت و تاوانبار بکرێت. ئەمەش بەو مانایە دێت کە بەڵگەی پێویست نییە بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوام بێت لە لێکۆڵینەوەکان و سەلماندنی ئەوەی کە کێ تاوانبارە. ئەمە بەو مانایە نییە کە پۆلیس یان دادوەر باوەڕ بەوە ناکەن کە تۆ گوتت. ڕاپۆرتی پۆلیس یارمەتیت دەدات بۆ نیشاندانی ئەوەی تاوانەکە چەند باوە.

## تۆ مافی قەرەبووکردنەوەت هەیە

ئەگەر تووشی تاوانێکی کینەیی بوویت مافی قەرەبووی ئەو زەرەر و زیانانەت هەیە لە تاوانەکە بووەتە هۆیان. ئەگەر تاوانەکە پاڵنەری تاوانی کینەیی هەبووبێت لەوانەیە مافی قەرەبووکردنەوەیەکی زیاترت پێ بدرێت.

### جۆرەکانی قەرەبووکردنەوە

دەتوانیت ئەمانەی خوارەوە بەدەست بهێنیت:

- قەرەبووی زیان لە ئەنجامدەری تاوانەکە
- قەرەبووی بیمەی کۆمپانیای بیمە
- قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە لەلایەن دەزگای قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی تاوانی سویدەوە دەدرێن.

بە شێوەیەکی سەرەکی ئەو کەسەیە کە دەبێت پارەی ئەو زیانانە بدات کە بەهۆی وی تاوانەکەوە دروست بووە. ئەگەر دەتەوێت زیانەکان بزانیت، پێویستە بە پۆلیس بڵێیت کاتێک لەسەر ڕووداوەکە لێت دەبیسن. کاتێک دادگا بڕیاری زیانەکان دەدات، تاوانبار دەبێت زیانەکان بدات. دەسەڵاتی Kronofogden لە سوید دەتوانێت یارمەتیت بدات بۆ گەڕاندنەوەی پارەکە.

تۆ دەتوانیت مافی قەرەبووکردنەوەی بیمە و قەرەبووکردنەوەت هەبێت بۆ زیانە تاوانکارییەکان تەنانەت ئەگەر سووچدارەکە تاوانبار نەکرابێت بە تاوانەکە یان ئەگەر سووچدارەکە نەتوانێت زیانەکان بدات.
پەیوەندی بکە بە کۆمپانیای بیمە و دەسەڵاتی قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی تاوانی سویدی بۆ ئەوەی بزانیت چی لە کەیسەکەتدا جێبەجێ دەکرێت.

## تۆ مافی پاریزەت هەیە

ئەگەر تۆ هەڕەشەت لێکراوە یان قوربانیی هەر جۆرە تاوانێکی تر بوویت، دەتوانیت مافی پارێزەت هەبێت. بۆیە گرنگە کە بە پۆلیس بڵێیت چی ڕوویداوە و هەست بە نارەحەتی دەکەیت و دەترسیت جارێکی دیکە ڕووبەڕووی تاوانی ڕق و کینە بیتەوە. پۆلیس هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان ئەنجام دەدات و لەسەر بنەمای، پشتگیری و پارێزەی ئیحتمالی گونجاو دیاری دەکات.

هەروەها دەتوانیت داواکاری پێشکەش بکەیت بۆ پاراستنی زانیاری کەسی خۆت، وەک ناونیشانی ماڵەکەت بۆ نموونە. داتای کەسی پارێزراو لە سێ پلەی جیاوازدا هەیە: نیشانەی نهێنی، تۆمارکردنی دانیشتوانی پارێزراو و زانیاری کەسی شاراو. تۆ داوای نیشانەی نهێنی دەکەیت و تۆماری دانیشتوانی پارێزراو دەکەیت لە دەزگای باجی سوید. دەتوانیت داواکاری پێشکەش بکەیت بۆ زانیاری کەسی شاراو لە دەسەڵاتی پۆلیسی سوید.

**لەبیرت بێت:** تاوانی ڕق تەنها هێرشێک نییە بۆ سەر ئەو کەسەی کە قوربانیی تاوانەکەیە. ئەمە نیشانەیەک دەنێرێت بۆ هەموو ئەو گروپەی کە کەسێکی لاواز سەر بە خۆیەتی و هێرشێکە بۆ سەر کۆمەڵگەی ئازادمان.

دەتوانیت زانیاری زیاتر لەسەر **brottsoffermyndigheten.se** بدۆزیتەوە.

**زانیاریەکانی ئەم نامیلکەیە وەرگێڕدراون بۆ:**

العربية -عەرەبی

دری دەری

ئینگلیزی

کوردیی باکوور (کورمانجی)

فارسی فارسی

ڕۆمان-ئارلی - ڕۆمان

ئەف سۆمالی - سۆماڵی

سۆرانی کوردی باشوور (سۆرانی)

تگرینی

تورکی

Brottsoffermyndigheten

Box 470, 901 09 Umeå

تەلەفۆن: 00 82 -70 090

www.brottsoffermyndigheten.se

registrator@brottsoffermyndigheten.se